# ماكێتی قەسیدەیەك

زەمەن، پەرداخی دەستی سوڵتان
تامەزرۆی سێبەری ئەرخەوانی
دوێنێی قەتیس
ئێستای مات
سپێدەی خەواڵوو
دواسەمای سڕینەوە
پەرداخ ڤاڵا.
دەمانێك (ئەو) پڕ یادەوەری:
خەندە، هەڵفڕین.
تەمەن؛ شینی گەڵا،
تروکانی چاو، کورتە هەناسە
پەرسێلکەی نو میوان، مووی سیما چزوو
گەمەی بێچووە کۆتر.
هێشتا، تارمایی بێ تۆوی گیان:
هەتیوی بێ داڵدە، خولیای ئارامی
کەس نەناسی خەو هەڵبزڕکاو
نەدەمبینی، نەدەیدیتم.
لەکەژاوەی زەمەنی سووتاو:
تەمەن بەباڵای تارمایی هەڵزنا
هەڵیمژی، هەڵمژرا
ئاوێتەبوون، توانەوە.
پزیسك لەپەنای دیواری تەمەن هەڵکڕوما
یادەوەری باڵی خەندەی هەڵفڕیو
گەڵای لەگەمە ڕەنجاو
پەرسێلکەی هەناس لەبەربڕاو
چاو بێزاری سیما سپی.
تارمایی، جەستەی سوڵتانی نەمر،
ئارام، خەواڵوو، میوانی هەمیشەیی تۆڕی چاو
گرێی دڵ، باری سیزیف
دوا پرۆژەی خۆ سڕینەوە....
تەمەن بۆشایی نێو پەرداخ

پەرداخ ڤاڵا

ڤاڵا..

حەسەن جودی

سەرەتای ئەیلولی 1999

Hesen_cudi@yahoo.com

...............................................................................................